## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# هونەری سینەما.. لێدانی بیر بە دەرزی



ڕەنگە ئەو سەر لەوحەیە جێگای سەرنج و لە هەمان کاتدا تیادا رامان بێ، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دووتۆی ئەو رۆژانەی لە گوڕەی کارکردنی فیلمی (نێرگز بووکی کوردستانە)دا بووین. ئەم فیلمە دادەنرێ بە یەکەم فیلمی رۆمانئامێزی کوردی، دیارە بەر لەو فیلمە، فیلمی دیکە هەبووە، بەتایبەت فیلمەکانی بلیمەت (یەڵماز گۆنای)، کە وەك دیکۆمینتار بووە بۆ باری چەوساندنەوە و پێشێلکارییەکانی مافی کورد لە باکوور، بەڵام چونکە نەدەلوا و ڕێگای پێ نەدەدرا ئاخافتنەکەی بە زمانی کوردی بێ، بۆیە بە ناچاری ئاخافتنەکەی بە زمانی تورکی بوو. دەزانرێ کە زمان لایەنێکی گرنگ و بایەخێکی باڵای کارەکەیە، بۆیە ئەو فیلمانە لە رووی ناسنامەی نەتەوایەتییەوە کورتییان هێناوە. هەرچەندە بە رای من (گۆنای) رابەرێکی مەزنی شۆڕشگێڕ بووە و هەتا کورد هەبێ شانازی پێوە دەکات، فیلمی (نێرگز) لە سیناریۆ و نووسینی (مامۆستا محەمەد رەفیق حەسەن) بوو، لە دەرهێنانی سینەماکاری گەورەی عێراقی (مامۆستا جەعفەر عەلی) بوو، کە لە ئاکادیمیای هونەرە جوانەکان مامۆستا بوو، هەر لەسەر داوای ئەو خوالێخۆشبووە بەشداریی فیلمەکەم کرد، وەك یاریدەدەری دەرهێنەر و مەشقدادەری ئەکتەران و شاعیری گۆرانی تایتڵ و ئەکتەری رۆڵێکی سەرەکی. برای بەڕێزم رۆژنامەنووس(کاك حەمە سەعید حەمە کەریم جاف) بەرهەمهێنەری بوو.

کارکردن تیادا نزیکەی ساڵێکی رەبەقی خایاند، چونکە هەر چوار وەرزەکەی ساڵی تیادابوو. زۆربەی لە دەشتی (بێتوێن)و (بێتواتە) وێنە گیرابوو. رۆژی لەو رۆژانە، لە چلەی هاویندا بوو، لەناو کێڵگەیەکی شێداری گوڵەبەڕۆژەدا بوو، منیش لەبەدبەختیدا ئەو رۆژانە جگە لە نەخۆشییە هەمیشەییەکان گرفتاری گرانەتایەکی خراپ ببووم. هەر چەندە پێشتر ئاگاداری دەستەی بەرهەمەکەم کردبوو، بەڵام وەك کورد دەڵێ لەبەر (کوردەناموسی) ئەوە بوو قیروسیام لە خۆم کردو لە ململانێیەکی دژواردا بووم. هەر لەو رۆژانەدا بوو گەرما هێزی لەبەر بڕیبووم و زیفی لێ سەندبووم، لەبەردەم کامێرەکەدا بەلادا هاتم و کەوتم بەلادا، ئەوەش بەهۆی دووبارەکردنەوەی دایلۆگی بەرامبەرەکەم بوو کە پتر لە پەنجا جار پێیان

## ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

گوتەوە.

بۆیە من هەمیشە بڕوام وابووە، هەرچەندە بەش بەحاڵی خۆم، گەلێك جار بەو مەرەیە چووم، دەبێ ئەكتەری سینەما بەر لە چوونە بەر كامێرە، چاك تەیارو ئامادە بێ، چونكە كاریگەری خراپی لەسەر ئەكتەری بەرامبەر دەبێ، هەروها كار لەسەر میزاج و ئارەزووی هەموو ئەوانی دیكەش دەكات.

كات گەیشتە نیوەڕۆ و ئیتر خۆرەكە بەرەو شێوەی ستوونی دەچوو، بۆیە بڕیاری وچان و نانخواردن دراو بەرەو ئەو هەیوانە چووین كە بە قوڕ دروستكرابوو، بە خێرا خۆم كوتایە بەر دەمی هەوا ساردكەرەكە و هەر چەندم دەكرد، هەناوم فێنك نەدەبوویەوە، هەر چەندە یەك بە دوای یەكدا جامە بەفراوم هەڵدەدا، گەرما گەرما نەبوو مرۆڤی دەگەیاندە شەرای مەرگ.

ئەوا سەیر دەكەم، مامۆستای دەرهێنەر و بەڕێوەبەری وێنەگرتن، (مامۆستا نیهاد عەلی) بە بەر سووری خۆرەكەوە دەتگوت لە چلەی زستاندان و لەبەر بەرۆشكەن خۆیان گەرم دەكەنەوە، منیش خەریك بوو دڵم دەتەقی، خۆم پێ نەگیراو وتم: ئەرێ گەرماتان نەبوو؟

وتیان گەرمای چی؟! لە دڵی خۆم وتم: (لەبێ خەبەران كەشكەك سەڵەوات)، پاشان سەیریان كردم و مامۆستا (جەعفەر عەلی) وتی: ئەمە كاری سینەمایە، سینەما واتە بیری ئاو بە دەرزی هەڵكەندن..

راست بوو، چونكە ئەو خۆڕاگری و ماندووبوون بەردەوامە، بیر لێدانە بە نووكی دەرزیی دروومان. شەوان لە ئوتێلەكەی (كاك عەبدوڵا خەسرەو) دەخەوتین، شەوی واهەبوو لە نیوە شەودا دەرهێنەر لە ژوورەكەی دەدام: ئادەی كاكە ئەحمەد دوو بینراوی ئاوهام بۆ بنووسە، ناچار خەوكەم دەكردە قوربانیی ئەو بیرۆكەیەی بۆی هاتووە.

سەبارەت بە (بەڕێوەبەری وێنەگرتن) كە ئەوە لە كاری سینەمادا بە دڵی بەرهەمەكە دادەنرێ، ئەوەی لە بارەیەوە بیستبووم، كەركووكی بوو، لە پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە، واتە لە سەرەتای بیركردنەوە لەو هونەرە لە عیراقدا كاری كردبوو، دەیانگوت، كاتێ لەناو تووركە رەشەكەدا فیلم دەگۆڕێ، هەر بە دەستلێدانی دەزانێ هەستداریی چەندە، هەروەها لە رووناكیی پێوەر (لایت میتەر) وردترە، خۆم ئەوەم لێ بینی بە وێنەگری دەگوت، شانزەیە، یان پانزەو نیوە، كاتی لە رووناكی پێوەرەكەم دەڕوانی لەسەداسەد تەواو بوو، كەوتبووە تەمەنەوە پشتی چەمابوویەوە و پیرێتی بریسكی لێ بڕیبوو، بەڵام چونكە فێری بیر لێدان ببوو بەدەرزی، هەمیشە گەنج و چوست و چاپووك بوو.

**• لە كاتی خۆیدا مامۆستا حەمە سەعید كەریم جاف بەرهەمهێنەری فیلمەكە پێشنیاری كرد ئەو رۆژەی یەكەم گرتەی وێنەگیرا، بكرێتە رۆژی سینەمای كوردی، واتە (١٩٩٠/١٠/٢٠).**

**بۆیە من هەمیشە بڕوام وابووە، هەرچەندە بەش بەحاڵی خۆم، گەلێك جار بەو مەرەیە چووم، دەبێ ئەكتەری سینەما بەر لە چوونە بەر كامێرە، چاك تەیارو ئامادە بێ، چونكە كاریگەری خراپی لەسەر ئەكتەری بەرامبەر دەبێ، هەروها كار لەسەر میزاج و ئارەزووی هەموو ئەوانی دیكەش دەكات.**

**(مامۆستا نیهاد عەلی) بە بەر سووری خۆرەكەوە دەتگوت لە چلەی زستاندان و لەبەر بەرۆشكەن خۆیان گەرم دەكەنەوە، منیش خەریك بوو دڵم دەتەقی، خۆم پێ نەگیراو وتم: ئەرێ گەرماتان نەبوو؟**



## سەمانە میرزایی:

# لە پێناو هونەردا ڕووبەڕووی کۆمەڵگە بوومەوە بۆیە دەبێ کاری شایستە پێشکەش بکەم

*** لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن کارەکانتان پەرە پێدەدەن لە کاتێکدا ئاستەنگی زۆرتان بۆ دروست دەبێت؟**

- ئاستەنگەکان زۆرن، هەموو هەوڵی ئافرەتان ئەوەیە کە خانەوادەکانیان ڕازی بکەن بە بەشداری کردنیان لە کاری هونەری، بۆ ئەمەش هێزێکی فکری پێویستە کە زۆر لە ئافرەتان ئەو هێزە فکرییەیان نییە بۆ ئەوەی خانەوادەکانیان نرخی کاری هونەری بدەن، چونکە ئەگەر خانەوادە پشتگیری نەکات ئافرەت تووشی ئاستەنگ دەبێتەوە، بەتایبەتی ئاستەنگی ئابووری، هەروەها کۆمەڵگەش پشتگیریمان ناکات ئەو فەرهەنگە دروست نەبووە ك هونەرمەندیش دەژی و ژیانی هونەریش بەبێ ئابووری بەڕێوەناچێت، لە هەمان کاتدا ئەو ئافرەتانەی کاری خۆیان پەرە پێدەدەن، دەست لە زۆر شتی دیکە هەڵدەگرن.

*** لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر گرووپی هونەری هەیە ڕۆڵیان چی بووە لە پێشخستنی هونەر لە ڕۆژهەڵات و ڕۆڵی ئافرەت لەو کارانەدا چییە؟**

- هەرچەندە تێگەیشتنی میللەتەکەمان لە کاری هونەری زەحمەتە، بەڵام لە بواری شانۆدا گروپەکان ڕۆڵیان گرنگە و لە شارێکەوە بۆ شارێکی ترەوە جیاوازە، مخابن ڕۆڵی ئافرەتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی وەك پێویست نییە و دەکرێ باشتر بێت، بەڵام ئەگەر ئاستی زانستی دابەزێت ئێمە ناتوانین زیاتر لە ئافرەتان چاوەڕێ بکەین، بە شێوەیەکی گشتی خەریکە ئافرەتە هونەرمەندەکان کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات و هیوادارین باشتریش بێت.

*** لە خانەوادەکەی ئێوە کێ زیاتر هاوکارت بووە؟**

- تەنیا باوکم و هاوسەرم پشتگیری منیان کردووە، ئەوانی تر هەموویان لێم زویر بوون و ڕازی نەبوون کە هونەرم هەڵبژاردووە و ئەگەر ئەو دوو کەسە نەبوونایە تووشی زەحمەتی زۆر دەبوومەوە، بۆیە من قەرزداری ئەوانم کە بڕوایان بە من هەیە، بەڵام ئەوانی تر

دیمانە: خەلیل بلەیی

به هەموو هێزێك هەوڵیاندا من بڕووخێنن و ئاستەنگی زۆریان بۆ دروستکردم.

*** لە کام پارچەی کوردستان ئافرەتان زیاتر پەرەیان بە کارەکانی خۆیان داوە؟**

- من پێموایە ئافرەتانی باکووری کوردستان توانیویانە بەشێوەیەکی نوێ رۆڵی زیاتریان هەبێت لە بواری هونەریدا، چونکە لەو پارچەیەی کوردستان خانەوادە ئامادەیە هاوکاری کچان بکات لە بواری هونەری بەمەش بواری زیاتریان بۆ دەڕخسێت، هەروەها نزیکییان لە ئەورووپاش کاریگەرییەکی ئەرێنیی هەیە بۆ پێشخستنی فکری هونەرییان، بەڵام نابێ رۆڵی ئافرەتان لە پارچەکانی دیکەش نادیدە بگیرێت.

*** ئاستی شانۆی کوردی چۆن دەبینی؟**

- شانۆی کوردی ئاسۆیەکی گەشی هەیە و رۆژ بە رۆژ باشتر دەبێت، هونەر خاوەن زمانێکی نەتەوەییە ئێمەش وەك هەموو گەلانی دنیا دەتوانین پێش بکەوین و شان بە شانی میللەتانی دیکە کاری هونەری ئەنجام بدەین، هیوادارین ئەو دەرفەتانەی بۆ ئەوان رەخساوە بۆ ئێمەش برەخسێت، چونکە ئێمەش خاوەن بیر و کەلتوورێکی دەوڵەمەندین.

*** ئەو کارانەی پێشکەشیان دەکەن زیاتر داستانی کوردین یاخود بە زمانی فارسیش کاری هونەریتان هەیە؟**

- کارەکانمان زیاتر کوردین، بەڵام کاری فارسیشمان هەیە، نووسەرەکانمان پسپۆرن لە نووسینی دەقەکاندا بۆیە هیچ جیاوازییەك نییە،چونکە ئێمە تەنیا کار دەکەین بۆ پێشخستنی شانۆی کوردی بەتایبەتی داستانەکانی وەك دەروێشی عەبدی، خەج و سیامەند و بوکا بارانێ کە ئەمانە هەموویانمان لە گرووپەکەی خۆماندا پێشکەش کردووە و بەردەوامیش دەبین لە کارەکانمان.

*** ئێوە وەك گرووپێکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشداریتان کرد لە چوارەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی هەولێر، تێبینییەکانت لەسەر فیستیڤاڵەکە چی بوون؟**

- دەستەی بەڕێوەبردنی فیستیڤاڵەکە ئەرکێکی زۆریان کێشا و زۆریش ماندوو بوون، خەڵکی هەولێریش میواندۆستی خۆیان سەلماندەوە بۆ ئێمە، سەبارەت بە نمایشەکانی وڵاتانی تر زۆر باش بوون و من خۆم زۆر شتی نوێیان لێ فێر بووم، تەنیا یەك رەخنەم لە فیستیڤاڵەکە هەیە ئەویش لە شوێنی نمایشەکەی ئێمەیە کە وەك پێویست نەبوو، چونکە فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی گرنگە و پێویست بوو شوێنی نمایشەکان گەورە و خاوێنتر بوایە، پێویستە لە ساڵی داهاتوودا هۆڵی گەورەتر تەرخان بکرێت کە شایەنی فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی لەو شێوەیە بێت.

*** تۆ بە شێوەی ئەکادیمی هونەرت خوێندووە یاخود تەنیا وەك حەز و ئارەزووە؟**

- نەخێر من کۆلێژ یان پەیمانگای هونەریم نەخوێندووە، بەڵام هەر لە منداڵییەوە هزری کاری هونەری لە ناخمدا هەبووە، هەموو هەوڵێکیش دەدەم کە لە بواری هونەریدا کاری گەورە پێشکەش بکەم، چونکە من دژی کۆمەڵگە وەستامەوە کە دژایەتی ئافرەتیان کردووە لە کاری هونەریدا، دەبێ کارێکی گەورە بکەم کە شایەنی ئەوە بێت شانازیی پێوە بکەم، چونکە من بڕوام بەوە هەیە مرۆڤ بە هەوڵدان بەو ئامانجە دەگات کە هەوڵی بۆ دەدات و هیچ ئاستەنگێك ناتوانێت ببێتە بەربەست لەبەردەمی بۆ گەیشتن بە خەونەکانی، من لە خەوی شەوانم بێبەش بووم تاکو بتوانم رۆڵەکانم بە باشترین شێوە پێشکەش بکەم.

*** هەستت چییە وەك تاکە کچێك لە گروپەکەت رۆڵێکی زۆر جوانت پێشکەش کرد کە مایەی رەزامەندیی جەماوەر بوو؟**

- زۆر سوپاسی جەماوەری ئامادە بوو دەکەم و رەزامەندیی ئەوان مایەی شانازییە بۆ من، رۆڵەکەم تایبەت و تا رادەیەکی زۆریش زەحمەت بوو، بەڵام مامۆستا رەسول بەنگین کە دەرهێنەر و نووسەر و ئەکتەرە لە هەمان کاتدا هاوکارییەکی زۆری کردم، هەروەها تەواوی ئەندامانی گرووپیش هاوکارم بوون و توانیمان بە هەموومان کارێکی رەسەنی کوردی پێشکەش بکەین.

**فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی گرنگە و پێویست بوو شوێنی نمایشەکان گەورە و خاوێنتر بوایە، پێویستە لە ساڵی داهاتوودا هۆڵی گەورەتر تەرخان بکرێت کە شایەنی فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی لەو شێوەیە بێت.**

**هەموو هەوڵی ئافرەتان ئەوەیە کە خانەوادەکانیان رازی بکەن بە بەشداری کردنیان لە کاری هونەری، بۆ ئەمەش هێزێکی فکری پێویستە کە زۆر لە ئافرەتان ئەو هێزە فکرییەیان نییە بۆ ئەوەی خانەوادەکانیان نرخی کاری هونەری بدەن**

**سەمانە میرزایی یەکێکە لە کچە چالاکەکانی بواری شانۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە بەم دواییە لە چوارەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆ لە هەولێر بەشداری کرد و نمایشێکی سەرکەوتووی پێشکەش کرد کە بووە مایەی رەزامەندیی جەماوەر، لە سەروبەندی فیستیڤاڵەکە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**



# ئەنوشکا بە نیازی ئاهەنگێکی ئەفسوناوییە

خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆڵیۆد ئەنوشکا شارما خۆی ئامادە دەکات بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیریی لەگەڵ یاریزانی ناسراوی کریکێت فیرات کولی، بۆ ئەم مەبەستەش چەند مانگێکە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەم ئاهەنگە.

سەبارەت بە بانگهێشت کردنی کەسایەتییە ناسراوەکانی هیندستان ئەنوشکا دەڵێ: من و فیرات خاوەنی جەماوەری زۆرین ئەو بە هۆی یاری کریکێتەوە منیش لە ڕێگای بۆڵیۆدەوە پەیوەندیی زۆر بەهێزمان لەگەڵ زۆربەی کەسایەتییە هونەری و وەرزشی وتەنانەت سیاسییەکانی وڵاتیش هەیە، بۆیە هەستێکە خۆشە بۆ هەردووکمان کە ئەم کەسایەتییانە لە خۆشترین ساتەکانی ژیانتدا بەشدار بن و لە نزیکەوە پیرۆزباییت لێ بکەن و وێنەت لەگەڵ بگرن.

هەر سەبارەت بە ئاخەنگەکە ئەنوشکا دەڵێ: من هاوڕێ نزیکەکانی خۆم لەو ڕۆژەدا بەشداری پێدەکەم، هەروەها چەندین کەسایەتی سیاسی و هونەری کە هەندێکیان کەسایەتی گرنگ و کاریگەرن ئەگەر بتوانن ئامادە بن ئەوا لە دڵەوە سوپاسیان دەکەم لەوانەش نارینداا مۆدی سەرۆك وەزیرانی هیندستان و چەند کەسایەتییەکی دیکە.

ئەنوشکا ئەوەشی ڕاگەیاند کە دوای ئاهەنگەکە ڕوو لە وڵاتی باشووری ئەفریقیا دەکات دواتریش دەگەڕێتەوە هیندستان بۆ دەستپێکردنەوەی کارە هونەرییەکانی بەتایبەتی کە هەندێك لە فیلمەکانی هێشتا کاریان تێدا ماوە و تەواو نەبوون.



# لە كلیپە نوێیەكەی هونەرمەند قادر ئەسعەد هاوسەرەكەی رۆڵ دەبینێت

هونەرمەند قادر ئەسعەد بەر لە هاتنی ساڵی نوێ بە جەماوەری خۆی ڕاگەیاندبوو لەگەڵ هاتنی ساڵی بەرهەمێكی نوێی گۆرانییان پێشكەش دەكات كە چەند كارێكی جوان لە خۆ دەگرێت.

لەم بارەوە هونەرمەند قادر ئەسعەد لە لێدوانێكدا وتی: من بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ بە هۆی بارودۆخی كوردستان و شەڕی نەگریسی داعش، لە كاری هونەری وەستام، بەڵام دوای كۆتاییهاتنی ئەم شەڕە بە سەركەوتوویی جارێكی دیكە گەڕامەوە و لە كارەكانمدا بەردەوام دەبم

وەک باسیكرد ئەلبومێكی نوێی ئامادەیە كە لە لە حەوت تراك پێكهاتووە و گشت تێكست و ئاوازەكانی خۆی دایناوە و لە توركیا كاری موزیك بۆ ئەلبومەكەی كراوە، هاوكات لەگەڵ بڵاوكردنەوەی ئەلبومەكە كلیپی گۆرانی (گوڵی تەمەن)یش بڵاودەكاتەوە كە یەكێكە لە گۆرانییەكانی ئەم بەرهەمە نوێیەی.

لە بارەی كلیپەكەش هونەرمەند دەڵێ: هەموو كارەكانی كلیپەكەش خۆم كردوومە لە وێنەگرتن و دەرهێنان و مۆنتاژیش، هەروەها بۆ یەكەم جار (پەیمان)ی هاوسەرم وەك ئەكتەر لە كلیپەكە بەشدارە و جگە لە ئەكتەری سەرەكی هاوكارییەكی زۆری كردووم لە كاری مۆنتاژ كردنی.

لەلایەكی دیكەوە هونەرمەند قادر ئەسعەد بە هاوبەشی لەگەڵ چەند هونەرمەندێكی دیكەی كوردستان لەوانە بلند ئیبراهیم، عەزیز وەیسی، سامان عومەر، دلبەر جزیری، هەژار دهۆكی وەك پشتگیرییەك بۆ لێقەوماوانی كارەساتی بومەلەرزی باشوور و ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە وڵاتی سوید كۆنسێرتێكی خێرخوازییان ساز كرد.





# جنێڤەر چۆن مامەڵە لەگەڵ سەگەكەی دەكات؟

پەروەردەكردنی ئاژەڵ یەكێكە لەو كارانەی كە زۆربەی هونەرمەند و كەسایەتییە هونەرییە جیهانییەكان ئەنجامی دەدەن و لە هەمان كاتدا گرنگییەكی زۆریشی پێدەدەن، تەنانەت هەندێكیان بە خۆشەویستییان بۆ ئاژەڵان ناسراون.

جنێڤەر گارنەر یەكێكە لەو ئەكتەرە ناسراوانەی هۆلیۆد كە گرنگییەكی زۆر بە سەگەكەی دەدات و كار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی كە وەك منداڵێكی خۆی ڕەفتاری لەگەڵدا دەكات، لەم بارەوە گارنەر دەڵێت: من سەگەكەی خۆم زۆر خۆشدەوێت و وەك منداڵەكانم مامەڵەی لەگەڵدا دەكەم، بۆ نموونە هەموو شەوێك پێش ئەوەی بخەوێت وام ڕاهێناوە كە چیرۆكی بۆ بخوێنمەوە بۆ ئەوەی بەباشی بخەوێت و بحەسێتەوە.

گارنەری تەمەن ٤٥ ساڵ خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی كە خوێندنەوەی چیرۆك یارمەتی سەگەكەی دەدات بۆ ئەوەی زوو بخەوێت، چونكە وەك منداڵەكانی لە باوەشی دەخەوێت.

شایەنی باسە جنێڤەر گارنەر كە پێشتر هاوسەری بین ئەفلیكی ئەستێرەی هۆلیۆد بووە، یەكێك لە باشترین ئەستێرەكانی هۆلیۆد لە ساڵانی ڕابردوودا و لە ساڵی ٢٠٠١ لە فیلمی (ئەبك) سەركەوتنێكی بەرچاوی بەدەستهێنا و لەو كاتەوە ناوبانگێكی هونەری زۆری هەیە و چەندین خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە.